ژمارە ٤٧٥
هەینی ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٨٦
٢١ی دێسامبری ٢٠٠٧
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان

# پاشکۆی

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## پیرۆز بێ رۆژی پێشمەرگەی کوردستان

رۆژی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرو لەخۆبردووانەیە کە بەو پەڕی راستگۆیی‌و بوێرییەوە لە سەنگەرەکانی بەرخۆدان‌و شەرەف‌و مافخوازیدا، بەگژ رەهێڵەی تاریکی‌و ستەم‌و مافزەوتکەرانی کورددا دەچنەوە.

لە لایەن تێکڕای کادرو پێشمەرگەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان، رازاوەترین‌و جوانترین سڵاوی وەفاداری پێشکەش بە هەموو پێشمەرگە بوێرەکانی کوردستان‌و بنەماڵە لەخۆبردووەکانیان دەکەین‌و بەم بۆنە پیرۆزەوە کڕنۆش دەبەین بۆ شەهیدانی هەرگیز نەمرو بنەماڵەی سەربەرزیان‌و هەموو زیندانییانی خۆڕاگری سیاسی‌و شەهیدانی زیندوویی‌خەبات کەمئەندامانی لەخۆبردووی حیزب‌و گەل.

به هیوای سەرکەوتنی هەرچی زیاتری هێزی پێشمەرگەی کوردستان

# کوردستان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە

# لەگەڵ کۆمەڵێك لە پێشمەرگەکانی حیزبدا دەدوێ

راپۆرت: رەزا فەتحوڵڵانەژاد

### مەحموود ئاتایی: زۆر زۆر دڵگەرمم بە داهاتووی گەل‌و حیزبەکەم



مەحموود ئاتایی ناسراو بە "سۆفی مەحموود" خەڵکی "گێغاب"ی هەوشارەو تەمەنی لە دەورووبەری سەدو پێنج ساڵە. لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەچێتە لای پێشەوا قازای محەممەدو بۆ ماوەی سێ مانگ‌و دە رۆژ دەبێتە پێشمەرگەی کۆماری کوردستان‌و پاشان دوو مانگیش لە لای فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان دەمێنێتەوە. سۆفی مەحموود لەمەڕ پێشمەرگایەتیی سەردەمی کۆمار، دەڵێ: "هەم پێشەوا قازی محەممەدو هەم مەلا مستەفا بارزانی نەمر سەردانی هێزەکەمانیان دەکرد. بارزانی نەمر قسەی بۆ دەکردین‌و فێری کاری نیزامیی دەکردین". ٢ ساڵ دەمێنێ بۆ شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا، چەکێك دەکڕێ‌و دواتر کە پشێوی باڵ بەسەر وڵاتدا دەکێشێ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی کاری پاراستنی ئاسایشی خەڵك دەگرنە ئەستۆ. ساڵی ١٣٥٨بۆ جارێکی دیکە روو لە ریزی پێشمەرگایەتی دەکاتەوەو بە هۆی خۆشەویستی دوکتور قاسملووەوە، بیروباوەڕی پتەوتر دەبێ. خۆی دەڵێ:"شەهید دوکتور قاسملوو تاقانە بوو، زۆرم خۆش دەویست‌و خۆشەویستی هەموو کەس بوو، هەم کوردو هەم تورك‌و هەم فارس‌و هەم عەرەب". کاتێك کە پرسیارمان لێکرد "گەلۆ ئاوات‌و ئارەزووەکانت هاتوونەتەدی؟"، وتی:"وا دەزانم دوێنێ هاتووم بۆ پێشمەرگایەتی، زۆر هومێدم بە خەڵکی ئێستا هەیەو زۆر زۆر دڵگەرمم بە داهاتووی گەل‌و حیزبەکەم". سۆفی مەحموود هیوای خۆی بەمجۆرە دەردەبڕێ کە:"ئۆمێدم ئەوەیە کە خەڵك رێبازی قازی‌و دوکتور قاسملوو هەر درێژە بدەن"و بەمجۆرەش ٢٦ی سەرماوەز پیرۆزبایی دەکا: "بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەزەوە، پیرۆزبایی دەکەم لە بنەماڵەی شەهیدان، بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی‌و خەڵکی کوردستان‌و ئێران بە تەواوی‌و بە کوردو بەلووچ‌و عەرەب‌و فارسەوە".

### سەید عەلی رەحمانی:

### هەر لە منداڵییەوە هەستی گۆڕا نخوازی لەمندا درووست بوو



سەید عەلی رەحمانی، خەڵکی شاری سنەو ساڵی ١٣١٤ چاوی بەدنیا هەڵهێناوە. لە ١٠ی خەرمانانی ١٣٣٢ەوە بە فەرمی ئەندامی حیزبەو پێشتریش لە نێو گروپێك لەژێر ناوی "جەوانانی ئیسلاح تەڵەبی کوردستان"دا چالاکی سیاسی هەبووە. کاك سەید عەلی رەحمانی لەمەڕ هەڵبژاردنی ژیانی خەباتگێڕانە بۆمان دواو وتی:" هەرشتێك لە بەتنی خۆیدا دژەکەی دروست دەکا، بە گشتی چینەکانی خوارووی کۆمەڵگا زووتر هەست بە ژێردەستەیی‌و چەوسانەوە دەکەن، منیش وەك بنەماڵە لەو تەبەقاتە بووم، بۆیە هەر لە تەمەنی ١٢، ١٣ ساڵییەوە هەستی گۆڕانخوازی لە مندا درووست بوو و پاشان لە رێگەی موتالعەوە زانیم کە خەبات دەبێ گرووهی بێ نەك بە تاك. بۆیە بووم بە ئەندامی حیزب". لە خۆپیشاندانەکانی ساڵەکانی ٢٨ ـ ١٣٢٧دا وەك تازەلاوێك چالاکی بەرچاوی هەبووەو ساڵی ١٣٤٢ لە لایەن رێژیمی شاوە دەکەوێتە زیندانەوەو ماوەی ٤ ساڵ لە ژیانی لە زیندانەکانی قزلقەلعەو قەسری قاجاڕی تاران، بەسەر دەبا. ساڵی ١٣٥١، براکەی "شەهید سەید سدیق" بە تاوانی ئەندامبوونی حیزب ئێعدام دەکرێ. بەرپرسی کومیتە شارستانی سنە بووەو لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا دەبێتە ئەندامی راوێژکاری کومیتەی ناوەندی. بیرەوەرییەکانی لە کتێبێکدا بە ناوی "بیرەوەرییە تاڵ‌و شیرینەکانی ژیانم" بڵاو کردۆتەوە کە سەرنجی خەڵکی بە تەواوی راکێشاوە. پەیامی بۆ لاوان ئەوە بوو کە:"هەتا دەتوانن بەئاگایی زیاترەوە بێن بۆ نێو حیزب، چونکە قازانجیان زیاترە"و پەیامی بۆ بەتەمەنەکان ئەوە بوو کە "هەتا دەتوانن جێگای خۆیان بدەن بە لاوەکان‌و بەدیل سازی بکەن".

### قادر سوڵتان پەنا: هەرچی کورد زەجری دیوە بە زەجری خۆمم زانیوە



قادر سوڵتان پەنا، ناسراو بە "قادرخان" خەڵکی شاری سەقزو لە دایکبووی ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی‌یە. لە ساڵی ١٣٣٧ەوە ئەندامی حیزبی دێموکراتەو لەو کاتەدا بەرپرسی هەموو کاروباری حیزبی لە ناوچەی سەقز بووە. دەگێڕێتەوە کە:"بنەماڵەکەمان لەگەڵ کۆماری کوردستان بوو، دوو برای گەورەم ئەندامی حیزب بوون‌و لەگەڵ کۆمار بوون. باوکم چەندین جار سەردانی مەرحوم پێشەوا قازی محەممەدی کردووە". ئەو کە لە بنەماڵەیەکی بەنێوبانگ‌و دەرەبەگ هاتۆتە دنیا، لەمەڕ چالاکییە حیزبییەکانی دژی دەرەبەگایەتی دەڵێ:"سەرەڕای ئەوەی باوکم دەرەبەگێکی گەورە بوو، من خۆم دژی ئەو شێوە دەرەبەگایەتییە بووم. هەرچی کورد زەجری دیوە، من بە زەجری خۆمم زانیوە. لای باوکم شکایەتیان کرد کە کوڕەکەت بیروباوەڕی چەپی هەیە، باوکیشم منی بانگ کردو وتی بیروباوەڕی خۆت چیە، ئەوە بکە". قادرخان لە ساڵی ١٣٤٢ تا ١٣٤٦ لە زیندانی رێژیمی زاڵمی شادا بەسەر دەباو هەر بۆیە کاتێك ئازاد دەبێ تا چەند ساڵ بە توندی دەکەوێتە ژێر چاودێریی ساواکەوەو بەم شێوەیە ناتوانێ خۆی راستەوخۆ بەشداری لە شۆڕشی چەکداری ٤٧ ـ ١٣٤٧بکا، بەڵام بە ئەندامانی ژێر بڕیاری خۆی دەڵێ هەرکارێکتان لەدەست دێ بە قازانجی شۆڕش بیکەن. بیرەوەرییەکی سەرنجڕاکێشی بۆ گێڕاینەوەو وتی:"جەماعەتێك دەیانگوت کاك سمایل شەریفزادە لەگەڵ حیزبی دێموکرات نیە، چونکە دەیانزانی ناوی چەندە بەرزە، دەیانویست بڵێن ئەندامی حیزبی نیە. رۆژێك لە بانە دانیشتنێکم لەگەڵ شەهید سمایل هەبوو و لەوێدا مەبلەغێك پوولم وەك یارمەتی پێدا، ئەو نەمرەش لە ژێر بەڵگەی یارمەتییەکە نووسی مەبلەغی ئەوەندە وەك یارمەتی درا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. بەمەش بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرم دەست کەوت کە قسەی نەیارانی حیزبی پێ لە عەرز بدەم".







### محەممەد خانی ئەفەندی:

### ئێمە بەرنامەکەمان پیرۆزەو پێی سەربەرزین



محەممەد خانی ئەفەندی، لە گوندی "نەوبەهار"ی دیواندەرە لە دایکبووەو ئێستا تەمەنی ٦٣ ساڵە. ساڵی ١٣٥٨ وەك خۆی دەڵێ: "بە هۆی هەستی نەتەوایەتی، زوڵم‌و زۆری رێژیمی پێشوو لە سەر کوردان‌و خەبات‌و فیداکاری پێشمەرگە"وە هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و رێبازی گەل دۆستی‌و خەبات لە پێناو ئازادی هەڵبژارد. محەممەدخان رووی قسەی لە جاشەکان دەکات‌و دەڵێ: "داوام لە جاشەکان‌و چڵکاوخۆرەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە دەست لە جاشایەتی هەڵگرن‌و فریوی دوژمن نەخۆن. رووڕەشی هەر بۆ ئەوان دەمێنێتەوە کە خۆیان داوەتە پاڵ رێژیمێك کە سەرکوتی خەڵکەکەی خۆیان دەکا". کاتێك پرسیارمان لێکرد کە "ئەگەر بگەڕێتەوە ساڵی ٥٨و بزانی کە رێگای خەبات، فیداکاری لە رادەبەدەری دەوێ، هەر ئەو رێبازە هەڵدەبژێریتەوە؟"، لە وەڵامدا وتی:"بەڵێ، بەڵێ، بێگومان، ئێمە بەرنامەکەمان پیرۆزەو پێی سەربەرزین. شانازییەکی زۆر گەورەمان تا ئێستا بە نسیب بووە". پێمان وت کە "پەیامت بۆ خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات بە گشتی‌و لاوان بە تایبەتی چیە؟"، وتی:"روو لە پێشمەرگایەتی بکەن، هەر کارێك دەکەن با لە قازانجی میللەتەکەیاندا بێ، بە تایبەتی داوام لەخەڵك‌و لاوانی دیواندەرەو هەوشارو سەقز کە خۆم زیاتر لەو ناوچانەدا چالاکیم هەبووە، دەکەم کە رێبازی شەهیدان قازی‌و قاسملوو و شەرەفکەندی هەڵبژێرن. سەرکەوتن هەر لەو رێبازەدایە، ئێستا لاوان خوێندەوارن‌و باشتر شۆڕش بەرێوەدەبەن، دەبێ ئەو لاوە خوێندەوارانە بێن‌و جێگاکەی ئێمە بگرنەوەو ئەو خەباتە درێژە بدەن".



### ساڵح کەریمیان: پێشمەرگە لە خوشك‌و برا بە خەڵك نزیکتر بوو



ساڵح کەریمیان، ناسراو بە "دەروێش ساڵح" خەڵکی پاوەیەو تەمەنی ٦٤ ساڵە. ساڵی ١٣٥٨ رووی کردۆتە ریزەکانی پێشمەرگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. سەبارەت بە هاتنی بۆ پێشمەرگایەتی،دەڵێ:"هەر کەسێك دەرکی زەمانەو رێژیمە دیکتاتۆرەکان بکا، هان دەدرێ بۆ شۆڕش، هەر کوردێکیش پێویستە بۆ مافی خۆی تێبکۆشێ. من هەستم کرد لە هەموو مافێك بێبەریم‌و هەر بۆیە بووم بە پێشمەرگە". دەروێش ساڵح لەمەڕ خۆشەویستیی پێشمەرگە لەسەردەمی شاخ دا بە ئێمەی وت:" پێشمەرگە هەمیشە ناوی بەرزو خۆشناو بووە. خەڵك لەو سەردەمەدا حەزیان دەکرد لە نێوانیاندا بێ. پێشمەرگە لە خوشك‌و برا بە خەڵك نزیکتر بوو". ئەو کە لە شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو و شەهیدی نەمر دوکتور سەعید زۆر کاریگەری وەرگرتووە، دەڵێ: "وتە بەنرخەکانی دوکتور قاسملوو ئیمانی ئێمەی پتەوتر دەکرد. دوکتور قاسملوو، بەحری عیلم‌و زانست بوو". کاتێك پرسیارمان لێکرد کە "مام ساڵح پێتوایە ئاوات‌و ئارمانجەکانت هاتوونەتە دی؟"، وەڵامی دایەوە: "شۆڕشەکەمان بەرەوپێش دەڕوا، ئەگەر بگەڕێمەوە تافی لاویەتی، دووبارە بە هەموو هێزەوە شۆڕش دەکەمەوە. ئیمانێکی قووڵم بە حیزب هەیەو ئەگەر نەبوایە نەمدەتوانی شۆڕش بکەم". داوامان لێکرد پەیامی خۆی بۆ خەڵك بە گشتی‌و توێژی لاو لە کوردستانی رۆژهەڵات بدا، وتی:"پەیامم بۆ خەڵك بە گشتی‌و لاوانی کوردستان بە تایبەتی ئەوەیە کە هەر چۆن تا ئێستا پشتیوانی حیزب بوون، خەبات درێژە بدەن دژی ئەو رێژیمە کۆنەپەرست‌و ئاخوندییە. سەرکەوتن نزیکەو حیزب وەکوو رێبەری جووڵانەوەی خەڵکی کوردستانی ئێران ئینشائەڵڵا کوردستانێکی رزگارکراو و ئازاد بۆ خەڵك بەدی دێنێ".

## محەممەد بلباسی: بە ئیمانێکی قووڵەوە دەستم بە کار کرد



محەممەد بلباسی ناسراو بە "خاڵە شێخ"، خەڵکی شاری نەغەدەو لە دایکبووی ساڵی ١٣١٩ی هەتاوییە. لە ساڵی ١٣٤٥ەوە بە فەرمی ئەندامی حیزبەو هەر لەو کاتەوە داستانی فیداکاریو ئازایەتیو تراژدیای عەشق بە نیشتمانەکەی لە ریزی پێشمەرگایەتیدا نووسیوەتەوە. خاڵە شێخ دەڵێ:" لەپێش ساڵی ١٣٤٥ براکەم ئەندامی حیزب بووو تەنانەت لە کۆنگرەی ٢ی حیزبیشدا بەشداری کردبوو. ساڵی ٤٥ کە براکەم گیرا، کۆمیتەی نەغەدە کە بە نهێنی کاری دەکرد منیان بانگهێشت کردو پێیان وتم کە براکەت کەوتۆتە زیندانی رێژیمی شاو تۆ دەبێ لە جیاتی ئەو کارە حیزبییەکان راپەڕێنی. هەر بۆیە شوێنی مەئمورییەتەکەم کە لە نێوان ورمێو پیرانشارو نەغەدەو سەردەشتو مەهاباددا بوو، دیاری کراو بەو ئیمانێکی قووڵەوە دەستم بە کار کرد". ئەو لە شۆرشی چەکداری ٤٧ـ ١٣٤٦دا زۆر یارمەتی حیزبی کردووەو رۆڵی باشی گێڕاوە. خاڵە شێخ دوای چەند ساڵ دەکەوێتە زیندانی رێژیمی شاو پاش ئازادکرانی بە پێی بڕیاری حیزب لە نەغەدە نامێنێتەوەو دەچێتە ورمێ. بەمجۆرە باسی شۆڕشی ٥٧ی بۆ دەکردین:"هەر کە شا هەڵات، چەند موجەسەمەمان لە شاری ورمێ هێنایە خوارەوە. سێ رۆژ پێش ئەوەی ئەرتەش پشتیوانی خۆی لە شۆڕش دەربڕێ، چووین ساواکی ورمێو زۆر شوێنی دیکەی دەوڵەتمیان گرت".
خاڵە شێخ لە ١٣٤٨دا لەگەڵ هاوسەرە بەوەفاکەی، روقیە محەممەدی ژیانی هاوبەش پێك دێنێ. هەر لەو ساڵەدا ئەم دوو تێکۆشەرە کوڕێکیان دەبێ بە ناوی "یونس" کە لە ساڵی ١٣٧٠دا بەسەربەرزیو وەفاداری بە رێبازی شەهیدانەوە دچێتە ریزی کاروانی شەهیدانەوە. روقیە خانم لە کاتێکدا کە فرمێسك لە چاوانی قەتیس مابوو، پێی وتین: "یەك حەوتوو بوو کە بووك بووم، خاڵە شێخ چوو بۆ عێراق بۆ راپەڕاندنی کاری حیزبیو بۆ مانگێك نەگەڕایەوە. هەمیشە لە رێبازی شەهیداندام. کەوتوومەتە زیندانی رێژیمەوەو ئەشکەنجە دراوم، بۆ من شانازییە. یونس، جگەرگۆشەکەم شەهید بوو و منیش هەر لە رێبازی حیزبو شەهیداندام".

## حسێن شوکری: لە یەکەم جێژنی رۆژی پێشمەرگەدا لەگەڵ هێزەکانی رێژیم بەشەڕ هاتین



حسێن شوکری، خەڵکی پێتەختی کۆماری کوردستان، مەهابادەو لە دایکبووی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوییە. پێش شەڕی چەکداری ٤٧ ـ ١٣٤٦ بووەتە ئەندامی نهێنی حیزبو یارمەتیی شۆڕشگێڕانی لەخۆبردووی ئەو شۆڕشە مەزنەی کردووە. خۆی دەگێڕێتەوە: "هەمیشە لە ماڵمان باسی کۆماریان دەکردو دەیانگوت بۆچی رێژیمی شا زاڵمەو دژی کوردە. منیش کاتێك پێگەیشتم پێوەندیم لەگەڵ شۆڕشگێڕانی حیزبی گرتو کارتێکی پێناسیان دامێ. رەنگی کارتەکە زەرد بووو پێیان وتم دەبێ بیشاریتەوە". پاش شۆڕشی ساڵانی ٤٧ ـ ٤٦ بۆ ماوەی ٦ مانگ دەکەوێتە گرتووخانەی رێژیمی شاوە. مام حسێن بۆی باس کردین کە پاش شۆڕشی ٤٧ـ ٤٦، خەڵکی کوردستان بە جۆرێك هیوابڕاو ببوون، بەڵام دوای ماوەیەك دەنگۆ بڵاو دەبێتەوە کە دوکتور قاسملوو لە ئورووپا گەڕاوەتەوەو حیزبی دێموکراتی ساخ کردۆتەوەو شۆڕش ئەمجارە بە گڕوتینێکی زیاترەوە دەست پێدەکاتەوە، "دەیانگوت جێی پێشەوا دەگرێتەوە". کاتێك لێمان پرسی کە "وا رێنەکەوتووە کە لە رۆژی ٢٦ سەرماوەزدا عەمەلیاتێکی گەورەتان کردبێ یان لە نێو خەڵکدا جەژنێکی مەزنتان گرتبێ؟"، وتی:"بەڵێ، باشم لەبیرە لە یەکەم جەژنی رۆژی پێشمەرگەدا، واتە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٣ لە ناوچەی سەردەشت لە نێوان نستانو مێونەو سارتکێدا لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا تووشی شەڕ بووین، بەفرێکی زۆر باریبوو و هێشتا هەر بەفر دەباری، ٢٧ کەسمان لە هێزی دوژمن کوشتو بەداخەوە بریندارێکمان دا". لەو وەڵامی ئەو پرسیارەماندا کە" پێتوایە چەندە بە ئاواتو ئارمانجەکانت گەیشتوویت؟"، وتی:"ئاواتو ئارەزووی من هەر سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات بووەو هەیە".

## خدر سەداقەت:
## لە لای بنەماڵەی شەهیدانو خەڵك خۆم بە روسوور دەزانم



خدر سەداقەت، خەڵکی گوندی "سوورەچۆم"ی شاری سەردەشتو ساڵی ١٣٢٧ چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. خۆی دەگێڕتەوە کە "لە شۆڕشی ساڵی ٤٧ ـ ١٣٤٦دا من ئەندامی حیزبی نەبووم، بەڵام بابم ئەندام بوو و من چەند ساڵ بوو دەمهەویست ببمە ئەندامی حیزب، بەڵام دەیانگوت جارێ زووە. لە ساڵی ١٣٤٨ رەسمەن بووم بە ئەندامی حیزب". لە شۆڕشی ٤٧- ٤٦دا یارمەتی شۆڕشگێڕانی کردووەو زۆرجار لە نزیکەوە شەهید مەلا ئاوارەی دیتووە کە ئەوکات سەردانی دێهاتی ئەوانی کردووەو چووەتە ماڵی باوکی. کاك خدر دەڵێ:"لە رێگەی شەهید میرزا عەبدوڵڵای نەشۆکوڵانەوە بووم بە ئەندامی حیزبو ناوی نهێنی "بێژان، ژمارە ١"ی بۆ دانام". ئەو سەبارەت بە ساخکردنەوەی حیزب لە لایەن شەهیدی نەمر دوکتور قاسملووەوە دەڵێ:"من خۆم ئەو دەمی دوکتور قاسملووم نەدیتبوو، بەڵام هەموو خەڵك باسیان دەکردو خوێندەوارەکانو بەتەمەنەکان دەیانناسیو هیوایان هەر دوکتور قاسملوو بوو". پرسیارمان لێکرد "ئایا پاش چەندین دەیە خەباتی بێ پسانەوە، بە ئاواتو ئامانجەکانت گەیشتوویت؟"، وەڵامی دایەوە: "ئەو شانازییەم بە نەسیب بووە کە رابردوویەکی دوور و درێژ توانیوومە بە پێی هەلومەرجو توانا ئەرکێکی کە حیزبەکەمو خەڵکەکەم پێیان سپاردووم، بەجێ بگەیەنمو دریغی لێنەکەم. لە لای بنەماڵەی شەهیدانو خەڵك، خۆم بە روو سوور دەزانم". داوای پەیامان لێکرد بۆ لاوان، وتی:" دەبێ نەسڵێکی لاو بە ئاگاهیو بیرێکی شۆڕشگێڕانەو هەستێکی دڵسۆزانەوە جێگای ئێمە پڕ بکەنەوە. لاوان ئێمڕۆکە ئیمکاناتی باشتریان لەبەردەستدایە کە ئەو دەم بۆ ئێمە وانەبوو وەکوو ئێنترنێتو زۆر شتی مودێڕنی دیکە. کەوابوو باشتر دەتوانن کۆمەڵانی خەڵك سازمان بدەنو خەبات درێژە بدەن".

## عەزیز قاسمی: هەتا دوا هەناسە داوای مافی خۆم دەکەم



عەزیز قاسمی، ساڵی ١٣١٢ لە گوندی "شەلوێنە"ی شاری جوانڕۆ لە دایکبووە. ساڵی ١٣٥٨ شانازی پۆشینی جلوبەرگی پێشمەرگایەتی بە نەسیب بووەو خەبات لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵبژاردوە. کاتێك پرسیارمان لێکرد "مام عەزیز چ هۆکارگەلێك هاندەرت بوون بۆ پێشمەرگەبوونت"، لە وەڵامدا بە سڵاو بۆ شەهیدان، سڵاو بۆ زیندانیانی سیاسی دەستی پێکردو درێژەی دا:" رێژیمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی مەلاکان هەر لە سەرەتاوە دەستیان کرد بە زوڵمو زۆرو خەڵکیان دەکوشت. مافمانی زەوت کردو ماڵو داراییمانی بە تالان برد. هەستم کرد گەلەکەم ستەمی لێدەکرێو دەبێ دژی ئەو ستەمە خەبات بکەم. بۆیە بووم بە پێشمەرگەو شانازییەکی گەورەم بۆ خۆم تۆمار کرد". ئەو کە شوێنی برینداربوونی دەستو لاقی نیشان داین کە بە سەختی بریندار ببوون، بۆمانی گێڕایەوە کە چۆن لە ساڵی ٦٣و هەروەها ٦٥دا بریندار بووە. لێمان پرسی "پاش چەندین دەیە خەباتی بێپسانەوە ئایا بە ئامانجەکانت گەیشتوویت؟"، وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، ئامانج ئەوە بوو کە داوای حەقی خۆمان بکەین کە لەو رێگادا خەباتم کردوە. ئێستاش هەتا دوا هەناسەو هەتا دڵۆپێك خوێن لە لەشمدا بگەڕێ، داوای مافی خۆم دەکەمو بۆ گەلەکەم خەبات دەکەم". مام عەزیز داوای لەو لاوانەی کە لە ژێر گوشارو زوڵمی لە رادەبەدەری رێژیمی زاڵ بەسەر ئێراندا ژیان دەکەن، ئەوەیە کە: "مل بە رێژیمی داگیرکەر نەدەنو دژی ئەو رێژیمە زاڵمە راپەڕن. هەتا بێدەنگی بکەن زیاتر دەیانچەوسێننەوەو تاقە رێگای نەجاتیش خەباتەو بەس".

## موحەممەد کوردستانی: قازانجی خەڵكو نەتەوەکەم لەبەرچاو بوو



موحەممەد کوردستانی، خەڵکی پیرانشارو لە دایکبووی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوییە. بەهاری ساڵی ١٣٥٨، شەرەفی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەردەگرێو پۆشینی جلوبەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بە نەسیب دەبێ. بەمجۆرە باسی هاتنی بۆ پێشمەرگایەتی دەکا:" وەدەووی هەدەفو ئامانجێك کەوتم، قازانجی خەڵكو نەتەوەکەم لەبەرچاو بوو، نەك قازانجی تاکەکەسی. زوڵمو زۆرو چەوسانەوە زۆر بوو، ویستم دژی ئەو زوڵمە راپەڕم. منیش وەك هەموو خەڵك دوکتور قاسملووی نەمرم زۆر خۆش دەویستو وتە بەنرخەکانی زۆر کاری لێکردمو هاندەرم بوون". کاك محەممەد لە رەوتی شەڕی بەرگریکەرانەی هێزی پێشمەرگە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ٦ جار بریندار بووە. لێمان پرسی، "پێتانوایە چەندە لە ئامانجەکانتان نزیك بوونەتەوە؟"، لە وەڵامدا وتی: "سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات ئامانجی من بوو، هیچ هەدەفو ئارمانجێکم بێجگە لە درێژەدان بەو رێبازە پیرۆزە نیەو چاوم تەنیا بڕیوەتە رێبازی شەهیدان دوکتور قاسملووی نەمرو دوکتور سەعید". لە کاك محەممەدمان پرسی کە بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان پەیامت بۆ خەڵك بە گشتیو بۆ ئەو لاوانەی کە فیداکاریو قارەمانیەتی ئێوەیان تەنیا بیستووەو بە چاوی خۆیان نەیاندیتووە، چیە؟"، وتی:"پێش هەموو شتێك ٢٦ سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگە پیرۆزبایی دەکەم لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، کادرو پێشمەرگەکانو زیندانیانی سیاسی. داوام لە لاوانی خۆشەویست ئەوەیە کە بە هەموو هەوڵو توانەوە تێبکۆشنو رێبازی شەهیدان لەبەرچاو بگرن. رێبەرانمان بۆ خەڵکەکەیان تێکۆشاونو ئەوانیش دەبێ درێژە بەو رێبازە بدەن".

## عەزیز خۆش نەواز: پێشمەرگە دەروێشی رێبازی خەباتە

عەزیز خۆش نەواز، خەڵکی ناوچەی سەنجابی، سەر بە شاری شائابادو لەدایکبووی ساڵی ١٣١٨ی هەتاوییە.



ساڵی ١٣٥٨ ریزی پێشمەرگایەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵدەبژێرێو شانازی پۆشینی جلوبەرگی پێشمەرگایەتی بە نەسیبی دەبێ. پێشتر لەگەڵ شەهید شاپوور فیرووزی پێوەندی تەشکیلاتی هەبووەو خۆی دەڵێ:" شۆڕشی کوردستانی عێراق بە رێبەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی کاری لێکردمو هەستی شۆڕگێڕیو گەلدۆستیم زۆرتر بووو ئاواتم ئەوە بوو کە رۆژێك ببمە پێشمەرگە". مام عەزیز لە وتوێژ لەگەڵماندا بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە هەستی شۆڕشگێڕی هیچکات لەلای ئەو بایەخی کەم نابێو هەردەم خۆی بە خەباتگێڕێکی راستەقینەی رێبازی شەهیدان دەزانێ. کاتێك پرسیارم لێکرد کە "دەتوانی بیرەوەرییەکی خۆت لە حەماسەخولقێنی پێشمەگەم بۆ بگێڕیتەوە تا لە رۆژنامەدا بینووسم؟"، وتی:" بیرەوەری زۆرە بەڵام پێمخۆشە لە دنیایەکی دیکە باس بکەین". وتم:" مام عەزیز کام دنیا مەبەستتە؟". شریتێکی ئاوازی شەجەریانی بۆم گرتو وتی:"من ئۆگرییەکی زۆرم بە ئوستاد شەجەریان، شەمسی تەبریزیو مەولانا هەیە، ئەوانە عاشقی راستەقینە بوون، پێشمەرگە عاشقی راستەقینەیە، پێشمەرگە دەروێشی رێبازی خەباتە". لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە"بە ئاواتو ئارمانجەکانت گەیشتوویت؟"، وتی:"بە رابردووم شانازی دەکەم، من خەباتم کردووە، خەباتیش هەر درێژەی هەیە. هەتا نابەرابەری هەبێ، خەبات هەر هەیە. من هیچم لە دنیا نەویستووە بێجگە لەوەی خەبات بکەمو شانازی دەکەم کە تا ئێستا هەر ئەم رێگایەم بەرنەداوە".

## جەعفەر حەسەنزادە: زۆرجار هێزی پێشمەرگە بە هۆی وەرەی زۆرەوە بەسەر دوژمندا سەرکەوتووە



جەعفەر حەسەنزادە، ناسراو بە "جەعفەر بەگ"، خەڵکی بانەیەو ساڵی ١٣٢٧ لە دایکبووە. ساڵی ١٣٥٨ دێتە نێو ریزی پیرۆزی پێشمەرگایەتییەوە. خۆی دەڵێ:"پێش شۆڕشی ساڵی ٥٧یش بنەماڵەکەمان هەر تێکڵاوی کاروباری حیزبی دێموکرات بوونو یارمەتیی ماڵییان دەدا بە حیزب. ئێمە دەمانزانی کە دەبێ بۆ مافی گەلەکەمان خەبات بکەینو هەر کە شۆڕش سەرکەوت ئێمە لە شاری بانەدا ئەمنییەتی شارەکەمان دەپاراستو هەوڵمان دەدا خەڵك روون بکەینەوە کە حەتمەن کورد دەبێ خودموختاری بگرێو مافی خۆی وەدەست بێنێ". داوامان لێکرد بیرەوەرییەکمان بۆ باس بکا کە حەماسەخولقێنیو ئازایەتی پێشمەرگە وەسف بکا، بۆی گێڕاینەوە:"زۆر خاترەم هەیە کە هێزی پێشمەرگە بە هۆی وەرەی پێشمەرگەوە دەرباز بوو و بەسەر دوژمندا سەرکەوتووە. لە ٧ی بەفرانباری ساڵی ٦٢ هێزەکەمان لە "تاژەبان"بوو. دوژمن سەعاتی ٤ی سەر لەبەیانی هێرشی هێناو هەر ٤ دەورمانیان گرت. بەرپرسەکانی هێز کۆبوونەوەیان گرتو هێزەکەیان بەسەر چوار تیم دابەش کرد. لەهەر چوار لاوە تا ئێوارە شەڕمان کردو بەرەبەرەو بە درێژەکێشانی خۆڕاگرییەکەمان وەرەمان ئەوەندەی دیکە چووە سەرەوە کە لە ئاکامدا دوژمن لە هەموو لایەکەوە شکاو نزیکەی سەد کەس لە دوژمن کوژرانو زیاتر لە سەد کەسیشمان بەدیل گرت. بە داخەوە لە هێزی پێشمەرگە، ساڵح ساڵحی ناسراو بە ساڵح ئاغا، شەهید بوو". کاك جەعفەر بۆی گێڕاینەوە کە زۆرجار پێشمەرگەیەکمان بریندار بووەو سەرەڕای ئەوەی برینەکەی زۆر قورس بووەو لەبەرەبەری شەهیدبووندا بووە، هەر وەرەی بە هێزی پێشمەرگە داوە.

## ئێقباڵ عەلی رەمایی: گەورەترین شانازی ژیانم پێشمەرگایەتیە



ئێقباڵ عەلیرەمایی لە ساڵی ١٣٣٦دا لە گوندی "بێساران"ی مەریوان لە دایکبووەو ساڵی ١٣٥٨ ریزی پێشمەرگایەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ خەبات دژی زوڵمو زۆرداری هەڵبژاردووە. خۆی دەڵێ:"کە شۆڕشی ٥٧ سەرکەوت، چاوەڕوانی ئەوە بووین کە وەزعی ژیانی خەڵكو ئازادی خەڵك باشتر بێ لە کاتی رێژیمی پێشوو، بەڵام کۆماری ئیسلامی دژی گەلی کورد دەستوری جیهادی دەرکردو میللەتی کوردی بە پیرو جەوانەوە قەتڵو عام کردو رەحمی بە کەس نەکرد، تەنانەت بە منداڵی نێو بێشکەیش". مام ئێقباڵ پێمانی وت کە رێبازی دوکتور قاسملووی هەڵبژاردووەو خۆشەویستی دوکتور قاسملوو کاریگەری زۆری لە راکێشانی لاوان بۆ نێو ریزەکانی شۆڕش هەبووە، ئەو دەڵێ: "دوکتور قاسملوو لەو سەردەمەدا دەیگوت کە تەنیا حکومەتێکی فیدراڵی دەتوانێ چارەسەری مەسەلەی گەلانی ئێران بکاو بە حەقیش قسەکانی وەڕاست گەڕا. ئەوکاتە زۆر حیزبو رێکخراو بە ناوی جۆراوجۆرەوە لە مەیدانەکەدا بوون، بەڵام ئێستا هەر حیزبی دێموکرات بە شێوەی جیددی لە گۆڕەپانی خەباتدایە، چونکو ئەساسەکەی باش داڕێژراوە". ئەو کە سێ جار بە پارە خومپارە بریندار بووە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئێمەدا کە قەت بیرت لەوە کردۆتەوە کە واز لە پێشمەرگایەتی بێنی، بە هەرگیز، هەرگیز دەستی پێکردو وتی:"هەر لە سەرەتاوە هەستێکی زۆر کوردانەم هەبووەو هەتا دوا هەناسەشم حیزب بەجێ ناهێڵمو گەورەترین شانازی ژیانم پێشمەرگایەتیە".
نەزیرە ئەحمەدی ساڵی ١٣٧٣ بووەتە هاوسەری مام ئێقباڵ. خاتوو نەزیرە کە خەڵکی کوردستانی باشوورە دەڵێ: "زۆر بە هاوسەرەکەمو بە خۆیشم کە ئەندامی حیزبم، شانازی دەکەمو زۆر بە بیرو باوەڕەوەو بێ هیچ هەدادانێك بۆ ئامانجەکانمان تێدەکۆشین.

## ئەحمەد حەسەنزادە:
## قازانجی تاکەکەسیم فیدای قازانجی گشتی کردووە



ئەحمەد حەسەنزادە، خەڵکی ماکۆو لە دایکبووی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییە. لە ساڵی ١٣٥٨ەوە چالاکی حیزبیو سیاسیی هەبووەو ساڵی ١٣٦٠ بە ریزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات پەیوەست دەبێ. لە ١٤ی مانگی خەرمانانی ١٣٦٠دا، رێژیمی دڕندەی ئیسلامی گوندی زێدی مام ئەحمەد، گوندی "یارمقەیە" ئاور دەدەن. کچەمامێکی لە ساڵی ١٣٥٩و کوڕەمامێکی لە ساڵی ١٣٦١دا شەهید دەبن. ئەو پاش شەڕێکی وێرانکەر لەگەڵ دوژمنان، ناچار روو لە باکووری کوردستان دەکاو چەند ساڵێك لە زەنجیرە چیای ئاگری دەژیو ساڵی ١٣٦٧ لە تورکیە دەگیرێو بۆ ماوەی ٢ ساڵو نیو لە تورکیە دەخرێتە بەندیخانەوەو ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر دەدرێ. ساڵی ١٣٧١ لە لایەن دەوڵەتی کەمالیستییەوە دەدرێتە رێژیمی زاڵمی ئێرانو شەش ساڵو نیو بە تۆمەتی "ئاژاوەگێڕی لە ناوچەو هاریکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" لە بەندیخانەکانی ورمێو ماکۆ لە خراپترین دۆخی ژیاندا بەسەر دەبات. بەڕێز حەسەنزادە ئێستا سێ ساڵە نیشتەجێی ناوەندی جێژنیکانی حیزبی دێموکرات، هەڵکەوتوو لە ٢٠ کیلۆمیتری شاری هەولێرە. بۆمانی باس کرد کە:"ساڵی ١٣٥٨ لەگەڵ چەند کەس دووجار چووینە خزمەت شەهید دوکتور قاسملوو و زۆر هانی داین کە درێژە بە خەبات بدەین". پرسیارمان لێکرد کە "ئێستا پاش زیاتر لە ٢٨ ساڵ خەباتی کۆڵنەدەرانە هەستتان چیە؟"، وەڵامی دایەوە:" زۆر خۆم بە بەختەوەر و سەربڵند دەزانم. بۆ میللەتی کوردیش بە سەرکەوتنی دەزانم. قازانجی تاکەکەسیم فیدای قازانجی گشتی کردووەو شانازی دەکەم".

## سەلیم سەیاد: ئاواتم هەر خزمەتکردن بە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدە



سەلیم سەیاد، خەڵکی بۆکانو لە دایکبووی ١٣٢٢ی هەتاوییە. بابی خزمی نزیکی پێشەوا قازی محەممەد بووەو بنەماڵەکەیان واتە بنەماڵەی فەیزوڵلابەگی لە نیشتمانپەروەریدا ناوبانگیان دەرکردووەو خاوەنی ٨ شەهیدی مەزنن کە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە لایەن ڕێژیمی شاوە شەهید کران. خۆی لە ساڵی ١٣٥٧دا شەرەفی ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی وەرگرتووەو ساڵی ١٣٦٠هاتووەتە ریزی شۆڕشەوە. خۆی دەڵێ:"لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، کارمەندی ئیدارەی مخابرات بوومو لە بۆکانو نەغەدەو سەڵماس خزمەتم بە خەڵك دەکرد. دوای شەڕی نەغەدە، بۆ پیرانشار نەقڵ کرامو لەوێ لەگەڵ ئەوەی کە ڕەئیسی مخابرات بووم، لە لایەن ئەنجوومەنی شارەوە کرام بە شارەداری پیرانشار". کاك سەلیم لەو کاتەوە کە دێتە ریزی شۆڕش تا ئێستا بەرپرسایەتی جۆراوجۆری لە ئەستۆ گرتووەو ئێستاش بۆ ماوەی سێ ساڵە بەرپرسی نەخۆشخانەی "ئازادی"ی حیزبو جێگری بەرپرسی کۆمسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبە. پرسیارمان لێکرد کە "ئایا پێشمەرگە لە سەرەتای دەست پێکرانەوەی شۆڕش لە ساڵی ٥٧ بەملاوە چەندە ئاگاییو زانایی سیاسی هەبوو؟"، وەڵامی دایەوە:" پاش ئەوەی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی دامەزرا، پێشمەرگەکان هەر وەك ئێستا دەورەیان دەدی. ئەگەر سەرەتا تەنیا هەستێکی کوردانەو خۆشەویستیی حیزب هانی دابوون، پاش دەورە ئاگایی سیاسییان دەچووە سەرەوە. دەورەی کادریش بەردەوام هەبوو. لەو دەورانەدا شەهید دوکتور قاسملوو شەهید دوکتور سەعیدو شەهید کاك سەید سەلامو بەڕێز کاك مستەفا هیجری دەرسیان دەگوتەوەو کادرەکان زۆرباش پێدەگەیشتن. دواتر کاریان پێدەسپێردراو لە نێو خەڵکیشدا بوون، بۆیە ئاگایی سیاسییان زۆر لەسەرێ دەبوو".

## گوڵێ ئیبراهیمی: شۆڕشێك کە ژن بەشداری تێدا نەکا، سەرناکەوێ



گوڵێ ئیبراهیمی، خەڵکی دێی "پردان"ی شاری پیرانشارەو تەمەنی ٤٠ ساڵە، خوشکە گوڵە تەمەنی چوار پێنج ساڵان بووە کە بابی حەقی ئەندامەتی حیزبی دێموکراتی ئەوو براو خوشکەکانی دیکەشی داوە. پاش شۆڕشی بەشکۆی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران، پێوەندی تەشکیلاتی بە حیزبەوە هەبووەو لەو ڕێگەیەشدا فیداکاری زۆری کردووەو دووجار دەکەوێتە گرتووخانەی ڕێژیمی زاڵمو دژەژنی کۆماری ئیسلامییەوە. ئامۆزاکە، "شەهید حەمەچکۆل" لە ساڵی ١٣٦١دا شەهید دەبێ. خوشکە گوڵە ماجەرای ئەو دڕندەییەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی بۆ گێڕاینەوە کە دێهاتی "پردان"یان بەماڵو ڕەزو باخەوە سووتاندو هەواڵنێران لەم شارو لەوشارەوە دەچوون بۆ ڕاپۆرتدانیو بە هۆی تینی ئاگرەکەوە تا ماوەیەك کەس نەیدەتوانی لەو نزیکانەوە بژی. ساڵی ١٣٦٦ ناچار دەبێ خۆی ئاشکرا بکاو لە هێزی پێشمەرگەدا سازمان بدرێ. پرسیارمان لێکرد کە " پێشمەرگە کچەکان ژمارەیان زۆر بوو، ئایا ورەیان بەرز بوو؟"، وتی: "لە دەورەی سەرەتایی پیشمەرگە ٢١ کچ پێکەوە دەورەمان دیتو لە هێزیشدا ٥ کچ بووین. ورەیان زۆر بەرزبووو بە ڕۆحیە بوون". لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە "ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، هەر ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێری؟"، بە بیروباوەڕێکی پتەوە وتی:"هەر ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێرمەوە. پێم پیرۆزو سەربەرزانەیە. ڕێگای کاك دوکتور قاسملوو هەمیشە دەبێ بەردەوام بێ. دوکتور قاسملوو دەیفەرموو ئێمە نابێ بۆ شەهیدەکانمان بگرین، دەبێ درێژەدەری ڕێگایان بین". خوشکە گوڵە ڕوو لە کچانی کوردستان دەکاو دەڵێ: "داوام لە خوشکان ئەوەیە کە بێنە نێو ریزی شۆڕشەوەو شانبەشانی براکانیان خەبات بکەن. ئەگەر ژنان بەشداریی شۆڕش نەبن، شۆڕش سەرناکەوێ. دیارە تا ئێستاش ئەوپەڕی فیداکارییان لەو ڕێگایەدا کردووەو کەمتر لە براکانیان نەبوون".

## محەممەد سەیفووری: بە دیلەکانم وت ئێمە دیل ناکوژین



محەممەد سەیفووری، خەڵکی گوندی "کویك"ی شاری سەرپێڵ زەهاو و لە دایکبووی ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوییە. بە هۆی شەڕی ئێران ـ عێراقەوە بنەماڵەکەی ئاوارەی دیوی باشووری کوردستان بوونو لەوێوە بووە کە بیری بوون بە پێشمەرگەی تێدا درووست دەبێ. دەگێڕێتەوە کە: "خێڵی سەردار جاف خەڵکیان چەکدار کردبوو و بە خۆیان دەگوت پێشمەرگە. تا ساڵی ١٣٦٠ کە چە... یەکێکیان کاك قادری ئەلیاسی بوو. پرسیارم کرد ئەمانەش پێشمەرگەن؟ پێیان وتم کە ئەمانە پێشمەرگەی ڕاستەقینەن. پێشمەرگەی حیزبەکانی کوردستانی عێراقیش دەهاتنە ناوچەی نیشتەجێبوونمانو دەمدیتن. ئیتر لەو ماوەدا تەعقیبی ڕادیۆ کوردییەکانم دەکردو لە ڕۆژی ٦ی مانگی سەرماوەزی ١٣٦٣دا بە ڕەسمی شانازی پۆشینی جلوبەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیم بە نەسیب بوو". بۆی باس کردین کە لە یەکەمین جەژنی ڕۆژی پێشمەرگە کە لە ساڵی ١٣٦٣دا بەڕێوەچوو تازە هاتبووە پێشمەرگایەتیو ڕێوڕەسمێکیان گرتووە کە زۆر سەرنجی ڕاکێشاوە. کاك محەممەد لە ١٧ی پووشپەڕی ١٣٦٧ بە هۆی پریشکەی ئارپیچییەوە بریندار دەبێ کە بۆمانی گێڕایەوە: "لە ڕۆژی ١٧ی پووشپەڕی ٦٧ لە ناوچەی "بڕەوەن"ی دالاهوو لەگەڵ جاشەکانو هێزەکانی سپا دەرگیربووین. ناوچەکە جەنگەڵی بوو و ئێمە ٦ کەس بووین کە لە سەرەتادا توانیمان ٢ کەسیان بەدیل بگرین. من بە دیلەکانم وت ئێمە دیل ناکوژینو خەباتی ئێمە ڕەوایەو ئێوەش دەبێ بۆ مافی گەلەکەتان خەبات بکەن، نەك دژی ئێمە چەك هەڵبگرنو فریوی دوژمنەکەمان بخۆن".

بەمجۆرە باسی ئەو تایبەتمەندییانەی پێشمەرگە دەکا کە سەرنجی ڕاکێشاوە:"بە بیروباوەڕبوون، هیچکات هەدەفو ئامانجەکانی لەبیر ناکاتو بۆ خەڵکی شی دەکاتەوە، ڕێز بۆ خەڵك دادەنێ، پاكو خاوێنی، گرجوگۆڵی، ورەبەرزیو خۆڕاگری لە کاتی تەنگانەدا".

## مەحموود نووری: بەڵێنمان بە دوکتور قاسملوودا کە سروشتی کوردستان بپارێزین



مەحموود نووری، خەڵکی شنۆو لە دایکبووی ساڵی ١٣١٤ی هەتاوییە. پاییزی ساڵی ١٣٥٧ بە فەرمی بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات. لە ڕەوتی شەڕی سێمانگەدا بە مەئمووریەت لەگەڵ ٣٠ کەسی دیکە دەچنە شاری سنە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەماندا کە "خاڵە مەحموود بیرەوەرییەکی واتان لەبیر دێ کە شەهید دوکتور قاسملوو ئامۆژگاری پێشمەرگەکانی کردبێو ئێوەش لەوێ بووبن"، وتی:

"بیرەوەرییەکی خۆشو سەرنجڕاکێشم ئەوەیە کە جارێکیان دوکتور قاسملوو هاتبووە شنۆیەو شەوێ بوو بە میوانی کۆمیتەی شنۆ. منیش لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە بۆ پێشوازی لە کاك دوکتۆر چووین ٢٠ کەومان ڕاو کردو دروستمان کردو لەسەر سفرەی شام دامان نا. دوکتور قاسملوو فەرموویان ئەوە چ گۆشتێکە؟ وتمان گۆشتی کەوە. دوکتور کشایەوەو وتی دەبێ بەڵێنیم پێبدەن کە چیدی نەچنە ڕاوە کەو، ئامۆژگاری کردینو وتی کە ئەو باڵندەیە بۆ ڕاو نەهاتووەو ئەگەر ڕاوی بکەن نەسڵی کەو لە سروشتی کوردستان دەسڕێتەوە. ئێمەش بەڵێنیمان دا کە چیدی نەچینە ڕاوە کەو و سروشتی کوردستان بپارێزین". لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە پێتانوایە چەندە بە ئامانجەکانتان گەیشتوون"، وتی:" بە ڕابردووی خۆم شانازی دەکەم، پێمخۆشە ئەوەندەی دیکە خەبات بکەم. قەت ماندوو نەبوومو ماندووش نابم".

زوڵەیخا حەیدەری، هاوسەری خاڵە مەحموود کە شانبەشانی مێردەکەی بۆ ئامانجەکانی تێکۆشاوە، سەبارەت بە هاوسەرەکەی دەڵێ:" منو مناڵەکان هەمیشە هەم پێمان خۆش بووە، هەم شانازیمان کردووە کە خاڵە پێشمەرگەیە".

## سەعید موکەڕڕەم:

## حیزبی دێموکرات قەت نامرێو ئەوەی شایانی مردنە ئەوانن



سەعید موکەڕڕەم، خەڵکی ورمێو لە دایکبووی ١٣٥٠ی هەتاوییەو ١٤ ساڵی بووە کە بە ریزەکانی پیشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیوەست بووە. کاك سەعید دەڵێ: "نەتەنیا میللەتی کورد، بەڵکوو هەر میللەتێك هەست بە بوونی زوڵمو ستەم بکا، دەبێ ڕێگەیەك بۆ لابردنی ئەو زوڵمە هەڵبژێرێ. حیزبی دێموکرات، ڕێبەرو پێشەنگی خەباتی ڕزگاریخوزانەی نەتەوەی کورد بووەو هەیە، هەر بۆیە منیش پێشمەرگایەتیو حیزبی دێموکراتم هەڵبژارد". کاك سەعید ساڵەکانی ٧٧ ـ ١٣٧٠ وەك مەئمووریەت چووەتەوە نێوخۆو وەك بەرپرسی دوو تیمی تەشیکلاتی لە ناوچەکانی تەرگەوەڕو مەرگەوەڕو لە نێو شاری ورمێ درێژەی بە خەبات داوە. بیرەوەرییەکی سەرنجڕاکێشی کاك سەعید لەو سەردەما ئەوە بوو کە:"فەرماندەی زەربەتی ئەنسار بە ناوی فەتاح ڕەزاقی ساڵی ١٣٧٦ هاتە گوندی "ئەنبێ" لە مەنتەقەی تەرگەوەڕو لە کۆبوونەوەیەك بۆ خەڵك وتی، حیزبی دێموکرات نەماوەو خەڵك دەبێ بە تەواوی گوێڕایەڵی ڕێژم بن. ئێمەش تیمی تەشکیلاتی خۆمان کۆکردەوەو چەند ڕۆژ دواتر لەگەڵ ئەو هێزە زەربەتە تووشی شەڕ هاتین کە لە ئاکامدا ٢٩ کەسمان لێکوشتو زەربەیەکی کاریگەرمان لێدان. پاش ئەو تێکهەڵچوونە چەکدارییە زەربەتی ئەنسار ناوچەکەمانی بە تەواوی چۆڵ کردو بەمەش نیشان درا کە حیزبی دێموکرات قەت نامرێو ئەوەی شایانی مردنە ئەوانن". کاك سەعید موکەڕڕەم ٢٦ی سەرماوەزی لە بنەماڵەی شەهیدان، بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی، هەموو کادرو پێشمەرگەی حیزبو ڕۆژنامەی "کوردستان" پیرۆزبایی دەکاو ئەو ڕۆژە پیرۆزە بە تایبەتی لەو زیندانییە ژنانە پیرۆزبایی دەکاو دەڵێ: "من خۆم لە زیندان بوومو دەزانم چاوەڕوانی چیە، بۆیە خەمو ئازاری قورسی ئەم خوشکانە دەرك دەکەم کە چاوەڕوانی ساتێك دیتنی کەسو کاریانن".

## حسێن محەممەدزادە: لە گرتنی چەندین مۆڵگەی ڕێژیم بەشداریم هەبووە



حسێن محەممەد زادە، ناسراو بە "حسێنی مەلا زۆراری"، خەڵکی گوندی "شەمۆڵە"ی ناوچەی مەیدان چۆخەی شاری ڕەبەتەو ساڵی ١٣٤٩ لە دایکبووە. خۆی دەڵێ:" لە ساڵی ١٣٦٦ەوە تا ١٣٦٩ پێوەندیی تەشکیلاتیم بە کۆمیتە شارستانی سەردەشتەوە هەبوو کە ئەو دەم شەهید عەبدوڵلا شەریفی بەپرسی بوو". ساڵی ١٣٦٩ شانازی پۆشینی جلوبەرگی پێشمەرگایەتی بەنەسیب دەبێ. بۆمانی گێڕایەوە کە چۆن لەو سەردەمەدا کە شاری سەردەشت لە کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدا بووە، هەستی نەتەوایەتیو خۆشەویستی پێشمەرگە لە دڵیدا پشکوتووە و هان دراوە کە چەند ساڵ دواتر پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بگرێ. وەك خۆی دەڵێ لە گرتنی گوردانی "بێژوێ"، پادگانی "شەڵماش"، "گوڕشێر"، "ئاغالان"و زۆر مۆڵگەی دیکەی ڕێژیمدا بەشداری چالاکانەی هەبووە. بەمجۆرە باسی خولیای خۆی دەکا: "خولیام ئەوەیە کە خەڵکی کودستان بە گشتیو خەڵکی ڕەبەت و سەردەشت بە تایبەتی پێوەندی بە حیزبەوە بگرنو دڵسۆزانە ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەیی خۆیان ڕاپەڕێنن". ئەو داواکاری خۆی لە خەڵکی کوردستان ئاوا باس دەکا:"داوام ئەوەیە کە لاوان بە کچو کوڕەوە بە پێی ئیمکاناتو هەلومەرجی خۆیان موبەلیغی باشی سیاسەتەکانی حیزب بن تا لە دوارۆژدا لە خزمەت بنەماڵەی شەهیدان، زیندانیانی سیاسیو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبو بە گشتی هەموو خەڵکی کوردستان ڕووسوور و سەربەرز بین".

کاك حسێن بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی هەموو کەمئەندامانو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبو هەموو ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدان قازیو قاسملوو و شەرەفکەندی دەکاو بە تایبەتی بەم بۆنەوە بە سەرقافڵەی کەمئەندامانی خەباتگێڕی گەلەکەمان، کاك مەلاحەسەن شێوەسەڵی پیرۆزبایی دەڵێ.

## موهەندیس خەیاتی:

## دوکتور قاسملوو زۆر گرینگی بە ڕۆحییەی پێشمەرگەکان دەدا



موهەندیس ڕەزا خەیاتی، خەڵکی ورمێیەو ساڵی ١٣١٣ لە دایکبووە. موهەندیس خەیاتی، ئازەرییەو لە ٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ بەملاوە بەوپەڕی دڵسۆزیو ماندوویینەناسییەوە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران خزمەت دەکا. خۆی دەگێڕێتەوە کە :"کاتێك پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧دا پادگانەکان کەوتنە دەست خەڵك، ڕادیۆ مەهابادو کەرەستە ئێلێکترۆنیکییەکانی بێکەڵك کەوتبوون، دوکتور قاسملووی نەمر ... ناردە لامو پێیان وتم کە دوکتور قاسملوو کاری پێتانە. کاتێك چومە خزمەتی پێی وتم دەبێ ڕادیۆکەمان وەگەڕ بخەیتەوە. منیش وتم بەسەرچاو و لە کەرەستەی چەندین بێسیمی بێکەڵكو ڕادیۆی بێکەڵك ڕادیۆیەکم وەگەڕخست کە دەنگی کوردستانی ئێرانی بڵاو کردەوەو بووە ڕۆحیەیەکی بەهێز بۆ نەتەوەی کوردو پێشمەرگەکان". ئەو دەڵێ: "من لە نێو حیزبی دێموکراتو بەوەفاداربوون بەو بەڵێنییەی بە دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعیدم داوەو هەم بە نەتەوەی کوردو هەم بە نەتەوەی خۆم واتە نەتەوەی ئازەری خزمەتم کردووە. چونکە وڵاتی ئێمە بێجگە لە فیدراڵی هیچ چارەسەرێکی دیکەی نیەو دەبێ مافی نەتەوەکانی ئێران بپارێزێ". پێشمەرگەی پێ نەترسترین مرۆڤەو بۆمانی گێڕایەوە کە دوکتور قاسملوو زۆر گرینگی بە ڕۆحییەی پێشمەرگەکان دەدا. موهەندیس بەمجۆرە باسی خەباتگێڕبوونی خۆی دەکا: "تەنانەت ئەگەر دە کەڕەتیش لەدایك ببمەوە، هەر ڕێگای خەبات هەڵدەبژێرمەوە". داوامان لێکرد بە بۆنەی ٢٦ سەرماوەزەوە پەیامی خۆی بەخەڵك بدا، وێڕای پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە، وتی:"هەموو دەبێ بزانن ئەم خەباتە ریشەی لە دڵی میللەتدا داکوتاوەو هیچکات ناکوژێتەوە. هەمووان دەبێ بۆ زووتر بەئاکام گەیاندنی ئەم خەباتە پیرۆزە، یەکگرتوو بن".

## فەتحوڵلا خۆبایی: حیزبی دێموکرات بوو بە هەموو ژیانم



فەتحوڵلا خۆبایی، خەڵکی گوندی "بەرەسیپان"ی سەڵماسو لە دایکبووی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوییە. ١٤ ساڵی بوو کە ڕووی کردە ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە. کاتێك پێمان وت هاندەرت چی بوون، لە وەڵامدا گوتی:"دوو برامو دوو مامم پێشمەرگە بوون، یانی بنەماڵەکەمان بە تەواوی تێکەڵاوی حیزبی دێموکرات بوون. هەڵبەت ئەو سەردەمە من عاشقی گۆرانیی شۆڕشگێڕانەی وەك گۆرانییەکانی شڤان پەروەرو عاشقی جلوبەرگی پێشمەرگە بووم. بەڵام پاشان ئاستی تێگەیشتنی سیاسیم بە هۆی کۆبوونەوەکانو مانەوەم لە حیزبدا چووە سەرەوەو زانیم گەلەکەمان ژێردەستەیەو بیروباوەڕم پتەوتر بوو، ساڵی ٦٢ لە دەوری دەفتەر دوکتور قاسملووی نەمر قسەی بۆ کردینو بەرەبەرە حیزبی دێموکرات بوو بە هەموو ژیانم". کاك فەتحوڵلا بۆمانی گێڕایەوە کە چۆن لە ساڵی ١٣٦٣دا ڕێژیمی زاڵمی کۆماری ئیسلامی نامەیەکی بۆ دەنێرێ کە تێیدا نووسراوە ئەگەر دەست لە پێشمەرگایەتی هەڵنەگری، براکەت ئیعدام دەکەینو دواتر شەهیدیان کرد. بیرەوەرییەکی خۆشی بۆ گێڕاینەوە کە لە ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ٦٣دا ڕۆژی پێشمەرگەیان بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتو باکوور و هەواڵنێرانی بیانی گرتووە. سینا ئەحمەدی ١٥ ساڵە هاوسەری کاك فەتحوڵلایەو لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە چۆن بووی بە هاوسەری کاك فەتحوڵلا، وتی:"بنەماڵەکەم لەگەڵ شۆڕش تێکەڵاو بوونو قارەمانیی پێشمەرگەو حیزبایەتی هاندەری سەرەکیم بوون".

لە کاك فەتحوڵلا پرسیارمان کرد "ئایا بە ئاواتو ئامانجەکانت لە شۆڕشدا گەیشتوویت؟"، وەڵامی دایەوە: "ئەو کاتە کە ئێمە شۆڕشمان دەکرد، کەس دانی بە بوونی مەسەلەی کورددا نەدەنا، بەڵام ئێستا دوژمنترین دوژمنیش ناتوانێ حاشا لەو مەسەلە بکا، ئەوەندە دڵگەرمو دڵخۆشم پێموایە دوێنێ هاتوومەتە ریزی حیزب".

## عارف نادری: پێشمەرگە ئەڤینداری ژیانە



عارف نادری، خەڵکی قوروەیەو ساڵی ١٣٥٦ لەدایکبووە. لە ساڵی ٧٦ەوە پێوەندیی تەشکیلاتیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەبووەو لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٦ بۆتە پێشمەرگە. بۆمانی باس کرد کە: "لە ساڵی ٧١ەوە بە دورووشم نووسینو بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕێبەرانی شەهید دەستم بە چالاکی کرد. پاشان گرینگیمان بە فێرکاری زمانی کوردیو مێژووی گەلی کورد لە نێو لاواندا دەدا، چونکە هەستمان دەکرد لاوان کەمتر ئاشناییان لەگەڵ کێشەی نەتەوایەتی هەیەو دەبێ لە مەزهەبگەراییەوە ڕابکێشرێنە نێو نیشتمانپەروەری". لە ساڵی ١٣٧٦ بەملاوە بێجگە لە هاوکاری لەگەڵ ڕۆژنامە کوردییەکانی نێوخۆ، ئەنجومەنی ئەدەبی جەوانی قوروە، لەیلاخی دێولان، ئەنجومەنی سەربەخۆی خوێندکارانو لاوانی شاری قوروەو " NGO TANIN" دادەمەزرێنن، چەندین دەورەی فێرکاری زمانو ئەدەبی کوردی لە شاری قوروەو زانستگای مەلایەر بەڕێوە بردووەو هەر لەو ماوەیەدا گۆڤارەکانی "فاختە"، "گۆرانی باران"و "لاوانی قوروە" بڵاو دەکەنەوە. لە ساڵی ٧٩دا بووەتە ئەندامی شوورای نووسەرانی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبی کوردیو ئەندامی نافەرمی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانیش بووە. لە ساڵی ٨١دا بە هێنانەوەی زیاترین دەنگەکان بووەتە ئەندامی شوورای شاری قوروەو پاش دەیان جار قۆڵبەستبوون لە لایەن ڕێژیمی داگیرکەرەوەو دەرکرانی چەندین حوکمی ناڕەوا دژی، وڵات بەجێ دەهێڵێ.

پرسیارمان لێکرد کە "پێشمەرگە چۆن پێناسە دەکەی؟"، وتی: "پێشمەرگە لە لای من مانای بوونو هەبوونو هەرمانی کوردستانو نەتەوەی کوردە. پێشمەرگە ئەڤینداری ژیانەو کەس ناتوانێ بەرادەی پێشمەرگە ژیانی خۆش بوێو لە بەر ئەو خۆشەویستییە لە پێناو ژیاندا گیانی بەخت دەکا. یانێ لە پێناو ژیاندا هەتاهەتایی دەبێ".

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 475 21 Dec 2007

رۆژنامەی "کوردستان"و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com http://www.pdki.org

e- mail: info@kurdistanmedia.com

e- mail: pdkiran@club-internet.fr


## عەبدولمحەممەد قارەمانی: دوکتور قاسملوو بە پێشمەرگەکانی دەگوت نابێ زۆر لە خەڵك بکەن



عەبدولمحەممەد قارەمانی ناسراو بە "مام ئەولێ"، خەڵکی گوندی "خالسی"ی شاری تیکابو تەمەنی ٧٥ساڵە. مام ئەولێ وەك خۆی بۆمانی باس کرد، چیرۆکی حەماسەخولقێنی پێشمەرگەی لە سینەدایەو پێشمەرگەیەکی ئازاو بە دیسیپلین بووەو هەیە. زۆر جار لە لایەن بەرپرسانی حیزبییەوە رێزی لێگیراوەو دوایین جار لە مانۆڕێکی هێزی پێشمەرگە بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ لە لایەن بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتەوە رێزی لێگیراوە. مام ئەولێ چیرۆکی ئەو حەماسەی بۆ گێڕاینەوە کە لە سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشی پڕشکۆی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧دا لەگەڵ چەند هاووڵاتی خۆی بەرگییان لە داگیرکردنی دێهاتەکەی خۆیانو گوندەکانی دەوروبەری کردووە. کوڕێکی ١٢ ساڵان دەبێ کە بە هۆی تۆپبارانی هێزەکانی رێژیمەوە شەهید دەبێو کوڕێکی دیکەیو دوو برایو دوو ئامۆزای شەهیدن. ئەو باسی وتە بەنرخەکانی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملووی بۆ دەکردین کە هەمیشە بە تەواوی رەچاوی کردووە، خۆی دەڵێ:"دوکتور قاسملوو خۆشەویستترین کەس بوو، لە قەندیل قسەی بۆ کردینو پێی دەگوتین کە پێشمەرگە نابێ لە دوژمن غافڵ بێ، پێشمەرگە نابێ زوڵمو زۆر لە خەڵك بکا، پێشمەرگە ماسییەو خەڵکیش ئاوەو پێشمەرگە بە بێ خەڵك ناژی". بۆمانی گێڕایەوە کە "لەو سەردەمەدا یارمەتییان پێدەداین تا ئەگەر تووشمان بوو بە توشی کەسێك بۆ نانو ئاو یارمەتی نەکردین، زۆری لێنەکەینو خۆمان شت بکڕین. خەڵك ئیحترامێکی زۆری بۆ پێشمەرگە هەبوو. ئەوەندە کە دایكو باوکیش بۆ کوڕەکەی خۆیان ئاوایان نەدەکرد". پێمان گوت بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەزوە پەیامت بە تایبەتی بۆ لاوان چیە؟ "وتی:"داوام ئەوەیە بیروباوەڕیان پتەو بکەنو قەت کارێك نەکەن کە سەری خەجاڵەتی شۆڕ بکەن. رێبازی شەهیدان درێژ بدەنو سەرکەوتن نزیکە".

## هەڵمەت کەماڵی: خەڵك پێشمەرگەی ژنیان زیاتر خۆش دەویست



هەڵمەت کەماڵی، خەڵکی گوندی "محەممەدشا"ی نەغەدەیەو ساڵی ١٣٤٠ چاوی بەدنیا هەڵهێناوە. خوشکە هەڵمەت بۆمانی گێڕایەوە کە چۆن لە دەورانی دەرەبەگایەتیدا زوڵمو زۆر لە خەڵك کاری لێکردووەو بیری لە خەبات دژی چەوساندنەوە کردووەتەوە. خۆی دەڵێ:"مامم ئەودەم کوێخا بوو و بە زۆر خەڵکی دەبرد بۆ بێگاری ئاغاو جنێوی پێدەدان. خەڵك بێ دەسەڵات بوون. یەکیەتیی لاوانی دێموکرات هاتنە دێی ئێمەو لە کۆبوونەوەیەکدا داوایان لە لاوان کرد کە بۆ لابردنی زوڵمو ستەم خەبات بکەن کە منیش وەك لاوێك بڕیارم داو ساڵی ١٣٥٨ بووم بە پێشمەرگە". ئەو کە لە جەرگەی شەڕ دژی هێزە داگیرکەرەکان حەماسەی خولقاندووەو باسی ئازایەتی نواندنو قارەمانەتییەکەی بەربڵاوە، رێگای پیرۆزی پێشمەرگایەتی هەڵدەبژێرێو پێمانی وت: "بابم دژی پێشمەرگەبوونی من نەبوو، بەڵام دایکم دەیگوت چۆن لەگەڵ پیاوان دەبیتە پێشمەرگە. من ئومێدم بە خۆم هەبوو و لەو بڕوایەدام کە بڕوات بە خۆت بێ هیچ شتێك ناتوانێ کارت لێبکا". باسی خۆشەویستی پێشمەرگە بە تایبەت پێشمەرگە ژنەکان دەکاتو درێژەی دەدا:"پێشمەرگە لە نێو خەڵکدا زۆر خۆشەویست بوو. خەڵك زۆر هاوکارییان دەکردنو بەدەم پێشمەرگەکانەوە بوون. بە تایبەت پێشمەرگەی ئافرەت خۆشەویستییەکی زۆر لە لای خەڵك بوو و ژنان رێزێکی تایبەتییان لێدەگرتن. هەر بە گشتی ژنان زیاتر پێشمەرگەیان خۆشدەویستو قەدریان دەگرتن". دووجار بریندار بووە، جارێکیان ساڵی ١٣٦٢ بە هۆی گوللەوەو جارەکەی تریشیان ١٣٦٣ بە هۆی پریشکەی تۆپەوە. خۆی دەگێڕێتەوە کە: "ساڵی ٦٣ بوو، دوکتور سەعیدی نەمر بە فەرماندە هێزەکەمانی وت کە بۆچی خوشکە هەڵمەت ناکەن بە سەرپەل یان سەرلك کە پاشان بووم بە سەرپەل". پەیامی بۆ ژنان ئەوەیە کە پێش لە هەموو شتێك بڕوایان بە خۆیان بێو پشت بە خۆیان ببەستن.

## فەیزوڵڵا رۆحانی: لەشەڕدا رەعایەتی باری ئینسانیمان دەکرد



فەیزوڵڵا رۆحانی ناسراو بە "مام فەیزە کاشتەری"، خەڵکی گوندی "کاشتەر"ی کامیارانەو تەمەنی ٥٧ ساڵە. هەر لە تافی لاویەتییەوە هەستی مافپەروەریو یەکسانخوازی هەبووەو هەوڵی داوە یارمەتی خەڵك بکا. خۆی سەبارەت بە پۆشینی جلوبەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەڵێ: "رۆژێك بەرەو ناوچەی "گازرخانی" کامیاران دەچووین کە دیتمان پاسگای ئەوێ کەوتۆتە دەست خەڵكو خەریکن تالانی دەکەن. خەڵکی ئەم ناوچە وتیان چەند لاوێکمان دەوێ کە وەکوو جەوانمەرد ئەم پاسگایە بپارێزنو ئاسایش بگەڕێننەوە. منیش لەگەڵ شەهید عەبدوڵڵا رەحیمیو کاك عەلی ئەشرەوف مەجیدی کە ئێستاش ئەندامی چالاکی حیزبە، بەرپرسایەتی ئەو شوێنەمان گرتە ئەستۆ، دواتر هەموو رادیۆ خارجییەکان باسی شەڕی پێشمەرگەیان لە ناوچەکانی مەهابادو سەردەشت دەکردو رۆژنامەیان بۆ دەخوێندینەوە. ئێمە لە سەرەتادا عاشقی تفەنگ بووین، بەڵام دواتر سوێندمان خوارد کە ببین بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بووین". مام فەیزە باسی ٥٩ عەمەلیاتی هێزی بێستوونی بۆ کردین کە بە تۆڵەی شەهیدکردنی ٥٩ لاوی مەهاباد لە لایەن رێژیمی مەلاکانی تارانەوە بەڕێوەیان دەبردو حەماسەی فیداکاریو بەرخۆدانیان لە شاخو بە گیان تۆمار دەکرد. بۆی گێڕاینەوە کە "دوکتور قاسملوو هەمیشە دەیگوت دەبێ لە شەڕدا رەعایەتی رێوشوێنەکانی شەڕ بکەنو کارێك نەکەن کە لە لایەن رێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤەوە لۆمە بکرێین. بۆیە لەشەڕدا هەمیشە رەعایەتی بواری ئینسانیمان دەکرد". مام فەیزە بەمجۆرە ئاواتی خۆی دەردەبڕێ:"ئاواتم ئەویە کە جەوان ببمەوەو بتوانم زیاتر خزمەت بکەمو فرەتر پێشمەرگە بم".







## مووسا باباخانی: پێشمەرگە دێرینەکان مانو مەوجودییەتی میللەتی کوردیان پاراستووە



مووسا باباخانی، خەڵکی "بێڵەوار"ی کرماشانو ساڵی ١٣٥٧ لەدایکبووە. بە ئێمەی وت کە پێش لەوەی بێتە نێو حیزب، لە ناوچەکانی بێڵەوارو دینەوەری کرماشاندا لەگەڵ کۆمەڵێك لاودا کاری حیزبییان بەڕێوە بردووەو ناسیاوی هەبووە لەگەڵ ئەو هەرگیز نەمرانەی کە خەڵکی ناوچەکەی خۆیان بوون، وەك شەهید موراد سورنی کە ساڵی ٦٤ شەهید بووەو شەهید بیژەن عەزیزی کە ساڵی ٦٢ شەهید بووە. لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کرماشان لە مەڕ پرۆتستۆکردنی تیرۆری مامۆستا مەلا محەممەدی رەبیعیدا بەشداری کردووەو هەوڵیان داوە ئێعترازەکانو دوروشمەکان نەتەوەیی بن نەك مەزهەبی، وەك خۆی دەیگێڕێتەوە: "ئێمە کوردی شێعەمەزهەب بووینو بە خەڵکمان دەگوت مامۆستا رەبیعی پێش لەوەی مامۆستای ئایینی سوننی مەزهەبییەکان بێ، لە رێگای نیشتمانپەروەریدا تێکۆشاوە". لە سەر نەتەوەخوازی لە ناوچەی کرماشاندا دەڵێ: "ناوچەکانی بێڵەوارو ناودەروەن هەر لە سەرتاوە هەستی نیشتمانپەروەرییان زۆر بووەو لە شۆڕشدا چالاك بوون، بەڵام لە خودی نێو شاری کرماشاندا بە داخەوە پیلانەکانی رێژیم بۆ دووبەرەکایەتی سازکردن لە نێوان دین ومەزهەبە جیاوازەکان شوێنی مەنفی دانابوو، بەڵام ئێستا کرماشان بە گشتی بەرەو لای نەتەوەخوازی کێشراوەو دەتوانم بڵێم لە پاش کونگرەی ١٣ی حیزبەوە چالاکییەکان لەو شارەدا زیاتر بووە، بۆ نموونە خودی رێژیم ئێعترازی خەڵکی گیلان غەربو ئیلام لە ٢٢ی پوشپەڕی ٨٥ بە تیرۆری شەهید دوکتور قاسملووی بە ئاکامی نفووزو کاری تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات داناوە". لێمان پرسی "خەباتی پێشمەرگە دێرینەکان چۆن پێناسە دەکەیت؟"، وەڵامی دایەوە: "دەتوانین بڵێین کە پێشمەرگە دێرینەکان مانو مەوجوودیەتی میللەتی کوردیان پاراستووەو ئێستاش ئەو چالاکی‌یە فەرهەنگی‌یەی کە لە کوردستان هەیەو رێژیم پلە بە پلە لە بەرامبەر ویستو داخوازییە نەتەوەییەکان پاشەکشێ دەکات،مەدیونیخەباتی چەکداریو ماندوویی نەناسانەی ئەوانە".

## ئاوات سارێژ: خەباتگێڕیو گیانبازیو پیرۆزی لە پێشمەرگەدایە



ئاوات سارێژ، ناسراو بە "دوکتور ئاوات"، خەڵکی شاری گیلانغەرب"و ساڵی ١٣٥١ لە دایکبووە. پسپۆڕی رشتەی "ئۆرتۆپێد"ەو لەم بوارەشدا خوێندنی باڵای لە ئێران تەواو کردووە. سێ ساڵ لە ناوەندی کوردەکانی دانیشتووی تارانو خانە کرماشانییەکاندا زمانی کوردی گوتۆتەوە، لە شاری ئیلامدا بەردەوام چالاکی سیاسیو فەرهەنگی هەبووە، لە کۆڕە ئەدەبی‌یەکاندا بەشداری بەرچاوی هەبووە، لە تاران نزیك بە ساڵێك مانگنامەی "سارێژ"ی بە دوو زمانی کوردیو فارسی دەرکردووە، بۆ چەندین ساڵ لە بەڕێوەبەرانی رێوڕەسمەکانی ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بووە. دوکتور ئاوات لە بەهاری ساڵی ١٣٨٥دا بە فەرمی بوو بە پێشمەرگەی حیزبو ئێستاش وەکوو پزیشکێکی دڵسۆزو کارزان لە نەخۆشخانەی "ئازادی"ی حیزب خزمەت بە خەڵك دەکا. خۆی دەڵێ:"خەباتگێڕی، نەتەوەخوازی، فیداکاری، گیانبازیو بە گشتی پیرۆزبوون لە پێشمەرگەدایە". ئەو بۆی گێڕاینەوە کە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووە کە مامۆستاکەی باسی دوکتور قاسملووی نەمری بۆ کردوونو تەوسیفی ئەو رێبەرە مەزنەی بۆ کردوون. خۆی دەڵێ:"هەر هیچ نەبێ بە حوکمی کارەکەم واتە پزیشکییەوە زۆر کەسم بۆ لای شۆڕشو حیزب راکێشاوە. لە ناوچەکانی کرماشانو ئیلامو تەنانەت کوردەکانی خوراسانیش. جاران خەڵك لە کرماشان زیاتر لە ناوی فارسی کەڵکیان وەردەگرت، بەڵام ئێستا نیشتمانپەروەریو نەتەوەخوازی پەرەی سەندووەو بە دەیان جار بۆم هاتۆتە پێش کە لەو شوێنانەوە پێوەندییم لەگەڵدا بگرنو پێم بڵێن منداڵێکمان لە پێشە، جوانترین ناوی کوردی چیە؟". دوکتور ئاوات ئۆگری زۆر بە شاعیرانی کورد وەك هێمن، مەولەویو عەبدوڵڵا پەشێو هەیەو خۆی خاوەنی نزیك بە دەهەزار بەیت شێعری کوردی‌یە. بەیتێك شێعری بە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان پێشکەش کرد:" ئەگەر وەرجی لەمەرگم بەهشیت بود وەخەڵاتم ـ نیەتوام ئەڕام نیەچیەرزێ تۆزی خاك وڵاتم". دوکتور دەڵێ:"زۆر کەس یارمەتییان داوم کە رێزم بۆیان هەیە. ناتوانم ناوی زۆریان بێنم لە بەر ئەوەی لە ئێران دەژین، پێم خۆشە ناوی کاك فەرهاد عەزیزی بێنم کە زۆر زەحمەتی لەگەڵدا کێشاومو ئێستا نیشتەجێی ئورووپایە".

## ئەرسەلان یارئەحمەدی: پێشمەرگە خۆشەویستترین وشەیە



ئەرسەلان یارئەحمەدی، خەڵکی "بەدرئاباد"ی شاری رەوانسەرو لەدایکبووی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی‌یە. لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٤دا ریزی پڕشانازیی پێشمەرگایەتی لە حیزبی دێموکرات هەڵبژاردوە. خۆی دەڵێ: "هەستی کوردایەتیم هەر لە تازە لاوییەوە هەبوو، کۆماری ئیسلامیم بە دوژمنی گەلەکەم دەزانی، پێم خۆش بوو کوردی بخوێنمەوەو بنووسم کە بە داخەوە نەمدەتوانیو هەمیشەش باسی ئەو پێشمەرگانەی ناوچەی خۆمانیان بۆ کردووم کە شەهید بوون. ئەمانەو زۆر هۆکاری دیکە هاندەرم بوون کە بێم بۆ پێشمەرگایەتی". بۆی گێڕاینەوە کە زۆرجار داستانی قارەمانەتیو بەرخۆدانی حەماسەخولقێنی شەهیدانی ناوچەکەی خۆیانی بیستووە وەك شەهید شەمسوڵڵا موزەفەری کە لە ساڵی ١٣٦٣دا شەهید بووە، شەهید عەزیز کوردە کە ساڵی ٦٠ شەهید بووو شەهیدان حسێنو حەسەن ئەحمەدی کە برا بوونو ساڵەکانی ٦٠و ٦١ شەهید بوون. ئەو ئۆگرییەکی زۆری بە شاعیرانی کورد وەك مەولەوی، قانێع، هێمنو هەژار هەبووەو هەیە. کاتێك وتمان دەکرێ لە رستەیەکدا پێشمەرگەمان بۆ پێناسە بکەی، وتی: "پێشمەرگە خۆشەویستترین وشەیە." تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگە بەڕای ئەو، ئەمانەن: "دەستوداوێن پاکی، ئەوەندەی بتوانێ لە هەموو بوارێکدا خۆی پێ بگەیەنێ، باوەڕی پتەوی بە رێبازەکەی هەبێ". کاك ئەرسەلان لەمەڕ خەباتی پێشمەرگە دێرینەکانی حیزب دەڵێ: "ئەو مرۆڤە بەرزانە هەموو ژیانوماڵیان لە پێناو گەلو حیزبەکەیاندا بەخشیوەو بێگومان هیچکات فیداکارییەکانیان بە ئێمە وەکوو لاوان جوبران ناکرێتەوە. بەڵام دەتوانین بە درێژەدان بە رێگاکەیانو رێزگرتن لێیان، دەرسەدێکی کەمیش بێ، دڵیان خۆش بکەین". پرسیارمان لێ کرد کە "٢٦ی سەرماوەز ئێوە دوور لە بنەماڵەکەتان جەژن دەگرن، چ هەستێکتان هەیە؟"، بە بیروباوەڕێکی پتەوەوە وەڵامی دایەوە: "هەموو بنەماڵەم حیزبی دێموکراتەو لە بنەماڵەم دوور نیم".